



## مۆبایل بۆ نیشاندانی ب



بۆ پێوانـــی تاو گەرمی لەش پێویســـتە ئامێـــری تایبەت بە پێوانی تا بـــەكار بێنی، ئامێرەكان چەند جۆرن، هەیە لەنـــاو دەم دادەنرێ و هەیانە لە شـــوێنی دیكە وەك ناوچەوان و بن هەنگڵ..تاد. ئامێـــرە دیجیتالییەكان كە بۆ ئەم مەبەســـتە داندراون ئەركەكانیان ئاسان كردۆتەوە. لەم دواییـــەدا مۆبایلیش وەك ئامێری پێوانی تاو گەرمی لەش داندراوە، تین پێوێكی تایبەت كە بە Stemp ناســـراوە كە بۆ هەمیشـــە وەك لەزگەیەك لە

## دوو جار خێراتر شەحن بكەوە

دابەزینی شـــەحنی باتری مۆبایل بەراســـتی كێشـــەیە، ئەوانەی یەكجاریش تووشـــی ئەم كێشـــەیە ببن و كاتیان كەم بێت بۆ شەحنكردنەوە ئەم كێشەیە باش هەســـت پێدەكەن. (پاوەر بانك) واتە شەحنە سەفەرییەكان تارادەیەك ئەمە كێشەیان كەم كردۆتەوە، كێبڵی SONI cable بۆ كەم كردنەوەی ئەم كێشـــەیە بەرهەم هاتووە. كێبڵەكە لەشـــێوەدا كێبڵێكی ئاسایە. بەڵام تایبەتمەندی ئەوەیە كە لەســـەر كێبڵەكـــە دوگمەیەك هەیە كە ئەگەر دایبگری گواســـتنەوەی داتاكان لە نێـــوان مۆبایل و كۆمپیوتەردا رادەگرێ و گشت توانای كێبڵەكە بۆ وزە تەرخان دەكرێت، بەو مانایە ئەگەر هاندی مۆبایلەكە كاتژمێرێكی پێویست بێت بۆ شـــەحنكردنەوە بە نیو كاتژمێر تەواو شەحن دەبێتەوە.





## پاوەر بانكێک بۆ شەحنكردنەوەی تەبلێت


پاوەر بانك (power bank) بەو شـــاحینە ســـەفەریانە دەگوترێت كە شـــەحن لەخۆیاندا هەڵدەگرن و لەكاتی پێویست دەتوانی ســـوودی لێوەربگری. پـــاوەر بانكەكان گەلێـــك جۆریان هەیـــە و قەبـــارە و تواناییان جیاوازە. كێشـــەیەك كە لە پاوەربانكەكاندا هەیە ئەوەیـــە وزەیەكی كەم لەخۆیانـــدا رادەگرن واتە دەتوانی یەكجار یان دوو جار مۆبایلەكەتی پێ شەحن بكەیەوە. (هواوی) بیری لەوە كردۆتەوە و بۆیە پاوەر بانكی جـــۆری honor AP007 ی بەرهەم هێناوە. ئـــەم پاوەر بانكە وزەیەكی زۆر هەڵدەگرێت و دەتوانی تەبلێتێكی گەورەشـــی پێ شەحن بكەیەوە، چەندین جاریش مۆبایلی پێ شەحن بكرێتەوە، بۆ گەشتێكی دوورودرێژ بۆ چیاو دارستان و شـــوێنێك وزەی لێنەبێت ســـوودی زۆری هەیە. پاوەربانكـــی ناوبراو شوێنی دانانی دوو ئامێری هەیە..



## ـەرزبوونەی تا و گەرمی



جەستە دەدرێت، راستەوخۆ زانیاری تایبەت بە گەرمی لەش بۆ مۆبایل دەگوازێتەوە. جیاوازی ئەو ئامێرە لەگەڵ ئەوانی دیکە لەوەدایە کە بەردەوام دەزانی گەرمی لەشت چەندە و ئەگەر گۆڕانکارییەك روویدا ئەوە مۆبایلەکە زەنگی ئاگادارکردنەوە لێدەدا، ئەوە بۆ منداڵان زۆر بەسوودە چونکە کاتێك نەخۆش دەکەون شەو کاتێك دایك و باوکەکەیان خەوتوون و تای لەشیان بەرزبۆتەوە بەهۆی زەنگی ئاگادارکردنەوەی مۆبایلەکە دەزانن کە گۆڕانکاری لە تای لەشی منداڵەکەدا هەیە..



## قاپی نان خواردنیش بوو بە هۆشمەند!

قەڵەوی بەراستی کارەساتە، پسپۆرانی تەندروستی دەڵێن جیهان ئەوەندەی بەدەست قەڵەوییەوە دەناڵێنێت بەدەست برسیەتیەوە ناناڵێنێت و ڕێژەی ئەوانەی بەهۆی قەڵەوی دەمرن زیاترە لە ڕێژەی ئەوانەی لە برسان دەمرن! زۆر ڕێگا هەن بۆ دابەزاندنی کێشی لەش، وەرزش، ریجیم، نەشتەرگەری..تاد. چەندین ئامێری تایبەتیش بۆ کەمکردنەوەی لەش داندراون، لەم چەند ساڵەی دواییدا کاتژمێر و مەچەکبەندە سمارتەکان ڕۆڵی ئەرێنیان بینیوە. پسپۆرانی بواری ئایتی بەوەش نەوەستاون و لەم ماوەیەدا قاپێکی هۆشمەندیان بەرهەم هێناوە کە پێت دەڵێت ئەو خواردنەی لەسەریەتی چەندە کالۆری (وزە)ی تێدایە و ئەگەر بیخۆی چەندە قەڵەو دەبی. قاپە هۆشمەندەکە دەزانێت خواردنەکە کێشی چەندە، چەند کالۆری تێدایە، چ جۆرە خواردنێکە و ریشاڵی خۆراکی چەند تێدایە. تەنانەت جیاوازی نێوان نانی بۆر و سپیش دەکات و دەڵێت کامەیان کالۆری کەمترە.




کۆمپیوتەر یەکەم ئامێرەکە لە خزمەتی حەساندنەوە و هاوکاری بیری مرۆڤدا بووە، کۆمپیوتەر شۆڕشێکی گەورەی تەکنەلۆژیای لەجیهاندا پێکهێنا، لەسەرەتادا تێچووی بەرهەمهێنانی کۆمپیوتەرەکان زۆربوو، بۆیە بە نرخێکی گرانیش دەست دەکەوتن، بەڵام پێتان سەیر بێت کە کۆمپیوتەری 9 دۆلاریش بەرهەمهاتووە، بەڵێ تەنیا 9 دۆلار!!

ساڵی رابردوو کۆمپیوتەری جۆری Raspberry pl بە نرخی 35 دۆلار بە هەرزانترین کۆمپیوتەر دادەندرا، بەڵام کۆمپیوتەری جۆری C.H.I.P کە نرخەکەی تەنیا 9 دۆلارە پێوانەی هەرزانی کۆمپیوتەری دابەزاند. کۆمپیوتەری ناوبراو، وەك کۆمپیوتەرێکی ئاسایی، کیبۆرد و ماوس و شاشەی بۆ دادەنرێ. پرۆسیسەری کۆمپیوتەری ئاماژە بۆ کراو لە جۆری Allwinner A13یە. رامەکەی 512 میگابایتە و هاردی کۆمپیوتەرەکە 4 گیگابایتە. ئەم تایبەتمەندییانە لە ساڵی 2000دا بە تایبەتمەندی کۆمپیوتەرێکی زۆر گرانبایی سەیر دەکران. کۆمپیوتەرەکە شوێنی دانانی فلاش میمۆری هەیە و کەلێنی دانانی هیدفۆنیشی هەیە و جگەلەوەش سیستەمی wifi و بلوتوسیشی هەیە، کۆمپیوتەرە هەرزانباییەکە تەنیا سیستەمی لینۆکسی دەچێتە سەر.

# مرۆڤیش دەفڕێت



بیرۆکەی فڕین زیاتر لە هەزار ساڵە مرۆڤ بیری لێکردۆتەوە. هەر بۆیە لەم بوارەدا گەیشتۆتە بەرزترین لوتکە و داهێنان، فڕۆکەکان، کەشتییە ئاسمانییەکان، کۆپتەر و لەم دواییەدا ئۆتۆمبێلی فڕۆك لەو داهێنانەن کە مرۆڤ بە ئاسماندا دەفڕێنن. ئامێرێك لەم دواییەدا بەرهەم هاتووە کە بە Jet pack ناسراوە، ئەم ئامێرە راستەوخۆ لە مرۆڤەکە دەبەسترێتەوەو دەبێتە دوو باڵ بۆ مرۆڤ وەك باڵی باڵندە. فڕۆکەوانێکی لێهاتوو بەناوی yves rossy بەو (جێت پەك) بەسەر لوتکەی چیای (فۆجی)دا فڕیوە و لەم ماوەیەش هاتۆتە شاری دوبەی درێژەی بە نمایشی فڕینی خۆی داوە.



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

خوێنەرێکی بەڕێز پرسیارێکی ئاراستە کردووین و دەپرسێت: مۆبایلێکی نوێم کڕیوە، بەڵام کێشەیەکم هەیە، چونکە هەموو وێنە و فیلم و ناو و ژمارەی تەلەفۆن و کورتەپەیامەکانم لە مۆبایلەکە کۆنەکەمدان، ئایا پڕۆگرامێك هەیە کە بە هۆیەوە بکرێت هەموو شتێك لە مۆبایلێك بۆ مۆبایلێکی دیکە بگوازییەوە؟

**خوێنەری بەڕێز، بەڵێ چەند پڕۆگرامێك هەن، یەکێك لەو پڕۆگرامانە پڕۆگرامی Wondershare MobileTranS ـە کە زۆر بە ئاسانی بە هۆیەوە دەتوانی هەرچی لەسەر مۆبایلێك دایە بیگوازیەوە بۆ مۆبایلێکی دیکە، تەنانەت ئەگەر مۆبایلەکان هی دوو سیستەمی جیاوازیش بن. بۆ سیستەمەکانی سیمبان، ئەندرۆید، ئەپل واتە (Ios) دەگونجێت.**



## چۆن بزانین کۆمپیوتەرەکەمان تووشی ڤایرۆس هاتووە؟

ڤایرۆسی کۆمپیوتەر، ئەگەر لە کاتی خۆیدا نەسڕێنەوە زیانێکی زۆر بە کۆمپیوتەر دەگەیەنن، بەڵام چۆن دەزانن کە کۆمپیوتەرەکان تووشی ڤایرۆس هاتووە، جار هەیە ئەنتی ڤایرۆسەکانیش هەست بە بوونی ڤایرۆس، یان ترۆجان ناکەن. لێرەدا ئەو هێمایانە باس دەکەین کە نیشانی دەدەن کۆمپیوتەر تووشی ڤایرۆس هاتووە.

- بەبێ ویستی خۆت لاپەڕەی دەستپێکی کردنەوەی ئینتەرنێت دەگۆڕدرێت، بۆ نموونە تۆ داتناوە کە ئەوکات ئینتەرنێت دەکەیەوە، سایتی گوگل بکرێتەوە، بەڵام دەبینی لە خۆڕا بۆتە سایتێکی دیکە.
- وەستانی پڕۆگرامی کردنەوە سایتەکان، یان دابەزینی خێرایی.
- دابەزینی خێرایی کۆمپیوتەر.
- نەکردنەوەی زۆر لەو سایتانەی کە مەبەستتە.
- لە کاتی کردنەوەی سایتێکدا، سایتێکی دیکە دەکرێتەوە.
- راگیرانی فایروالی کۆمپیوتەر، یان دژەڤایرۆسەکان.
- گەرمداهاتنی کۆمپیوتەر.
- نیشاندانی لاپەڕەی هەڵەکان لە کۆمپیوتەر. ئەمانە و چەندین هێمای دیکەن، ئاماژەن بۆ بوونی ڤایرۆس لە کۆمپیوتەردا، بۆ سڕینەوەشی دەبێت ئەنتی ڤایرۆسێکی بەهێز لەسەر کۆمپیوتەردا هەبێت.






## لەم سایتەدا بە پەنجەی خوێناوی بنووسە

گەلێك سایت هەن كە هیچ رۆڵێكی گرنگ نابینن، واتە سوودێكی وایان نییە بۆ ئەوانەی سەردانیان دەكەن و زیاتر بۆ سەرگەرمكردن و خۆخافلاندن دەبن. یەكێك لەم سایتانەی كە بۆ ئەم مەبەستە دانراوە سایتی www.blood-fingerMail.comـە، لەم سایتەدا دەتوانرێت هاوڕێكانتی پێ سەرگەرم بكەی، چونكە لەم سایتەدا بە ماوس یان ئەگەر شاشەكەت لەمسی بێت بە پەنجەی خۆت بە ویستی خۆت شت دەنووسی، بەڵام چ نووسینێك بە پەنجەیەكی خوێناوی. واتە لەسەر شاشەكە نیشان دەدات كە پەنجەیەكت بڕیوەو بە خوێنەكەی شت دەنووسی. دوگمەی PREview سەرلەنوێ نووسینەكە دووپات دەكاتەوە. ئەگەر حەزت لێبوو جارێك سەردانی بكە.

## پرۆگرامێک سەدان ئیفێكت لەسەر وێب كام دادەنێ



وێب كام، یان كامێرای كۆمپیوتەر بۆ چاتكردن گرنگی هەیە، بەڵام زۆر جاران كە نیازت هەیە لەگەڵ یەكێكی چات و گفتوگۆ بكەی و كەسەكە ناناسی و حەزیش ناكەی بتناسێت، دەتوانی لە پرۆگرامی webcamemax سوود وەربگری، ئەم پرۆگرامە تایبەتە بە وێب كام و سەدان ئیفكتی سەرنجڕاكێشی تێدایە، بۆ نموونە دەتوانی خۆت وەك رەگەزی بەرامبەر نیشان بدەی، یان خۆت بە قەڵەو، یان لاواز دەربخەی، یان دەنگی خۆتی بگۆڕی. پرۆگرامەكە لەگەڵ مەسنجەرەكانی وەك یاهوو، فەیسبووك، سكایپی دەگونجێت.